# دەنگی مەخموور

خاوەنی ئیمتیاز
**جەمیل سنجاوی**

سەرنووسەر
**بەختیار محەممەد**
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

ژمارە ( ٢١ ) | ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت | نرخ ( ٥٠٠ ) دینار | سێ شەممە ٢٠١٠/٦/١٥ | ٢٥ی جۆزەردانی ٢٧١٠


## ئاگادارییەك لە دەستەی کارگێڕی ( سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ )ەوە

**بۆسەرجەم ئەندامانی دەستەی گشتیی:**

ئاگاداری سەرجەم ئەندامانی دەستەی گشتیی سەنتەرەکەمان (سەنتەری ڕۆشنبیریو هونەری قەرەچووغ) دەکەینەوە کەوا ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٦/٢٣ کاتژمێر (١٠/٣٠)ی بەیانی لەهۆڵی (کتێبخانەی گشتیی مەخموور) ئامادەبن بۆئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی نوێی سەنتەر، ئەو ئەندامەی کە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا مافی دەنگدانی هەیە، لە ڕۆژو کاتو شوێنی دیاریکراو ئامادە نەبێت، ئەوا داوای هیچ مافێکی یاسایی نامێنێت، تکایە بۆ ئاگاداریی هەموولایەك. سەرکەوتووبن...
لەگەڵ ڕیزماندا.

**دەستەی کارگێڕی**
**سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ**
**١٠ / ٦ / ٢٠١٠**

# مەخموور دوو بەڕێوەبەری کارەبای هەیە، کارەباشی نییە

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان گەیشتووە کارەبای قەزای مەخموورو دەوروبەری لەویستگەی گشتی کارەبای قەزای گەیارە دەگاتە مەخموورو لەلایەن چەند کەسێکی دەسەڵاتدارو بەپێی میزاجی خۆیان کارەبا دەدەنەوە هاوڵاتییانی مەخموور.

ماوەی حەوت ساڵی تەواوە هاوڵاتییانی دەڤەری مەخموور بەهۆی نەبوونی ڕێژەی پێویست لەکارەبای نیشتمانی دەناڵێنن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کارەبای مەخموور لەگەیارەوە وەردەگیرێت، دیارە ئەوانەش کە لەوێستگەی (١٣٢)ی گەیارەن بەبیرێکی شۆڤینییانە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتییانی دەڤەرەکە دەکەنو بەشەکارەبای مەخموور نادەن، کەچی لەگەیارەو ناوچەکانی دەوروبەری ڕێژەیەکی زۆری کارەبا بۆ خۆیان دابین دەکەن، کەسیش تائێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکاتو سنوورێك بۆ ئەو سەرپێچییانەیان دابنرێت.

لەماوەی (٢٤) کاتژمێر تەنها (٢) کاتژمێر کارەبا دەدرێت بەمەخموور، بێگومان ئەمەش دانیشتوانی ناوچەکەی زۆر هەراسان کردووە، بەناچاریی پشت بەمۆلیدەی ئەهلیی دەبەستن، ئەو بارە ناخۆشەش بۆ هەموو کەسێك ناگونجێ کە ڕێژەیەکی زۆری داهاتی خۆی بداتە مۆلیدە، بەتایبەتی لەم وەرزە کە پلەی گەرما بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایەو دەگاتە سەرووی (٥٠پلەی سەدی).

لەگەڵ ئەوەی مەخموور لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە تاوەکو ئەمڕۆ دوو بەڕێوەبەری کارەبای هەیە، کەچی هاوڵاتییان کارەبایان نییە، زۆرجار پێشنیار کراوە لەوێستگەی (٥٠٠) میگاواتی شاری هەولێر کارەبا بۆ مەخموور دابین بکرێت، بەڵام تائێستا وەڵامێك نییە بۆ ئەم پرسە، خەڵکی مەخمووریش تائێستا لەچاوەڕوانی چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی کارەبا دان.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت هێڵێکی 32KV لەپارێزگای هەولێر بگەینرێتە مەخموور، هەر بۆیە هاوڵاتییانی مەخموور داوا لەحکومەتی کوردستانو وەزارەتی کارەباو ئیدارەی مەخموور دەکەن کە چارەسەری گونجاوی ئەم کێشەیە بکەن.

## سنووربەزاندنو تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن سوپای ئێرانو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەتوندی ڕیسواو ئیدانە دەکەین

**– جەماوەری خۆڕاگرو وڵاتپارێزی کوردستان**
**– توێژی ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی کوردستان**

ماوەی مانگێکە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هاوکات لەلایەن سوپای ئێرانو تۆپبارانو بۆردومانی فڕۆکەجەنگییەکانی تورکیا بەتۆمەتی ناڕەوا درێژەی هەیە، لەئەنجامدا بۆتە هۆی شەهیدبوونو بریندابوونی دەیان هاوڵاتی سڤیلو نانەوەی پشێوی کە بۆتە مایەی نیگەرانی بۆ سەرجەم داهاتووی ژیانی هەرێمو زیانگەیاندن بەدانیشتوانی ناوچە سنوورییەکانو شێواندنو پیسکردنی ژینگەو سوتاندنی سروشتی کوردستان.

لەکاتێکدا ئەم دوو وڵاتە پێشێلی هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەنو بێباکانە ئارامی هەرێمی کوردستان تێکدەدەنو زیان بەدانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان دەگەینن، ئێمە لەدەستەی ئەندامانی گشتیی (سەنتەری ڕۆشنبیریو هونەری قەرەچووغ) وەك ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەیی سەرشانمان کە لەبەرنامەی کارو چالاکی ڕۆشنبیریو هونەریماندا وەك ئامانجێکی سەرەکی ئاماژەی پێکراوە، بەتوندی ئیدانەو ڕیسوای ئەو هێرشو سنووربەزاندنانەیان دەکەین، لەهەمان کاتدا داوا لەپەرلەمانو حکومەتی هەرێم دەکەین لەڕێگەی کاری دبلۆماسیو دیالۆگ هەوڵەکانیان زیاترو توندتر بکەن بۆ بەکۆتاهێنانی ئەو هێرشە ناڕەوایانە، بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ پێشێلکردنی سەروەری خاكو گەلی کوردستان دابنێننو ڕێزی لێبگرن، هەر لەم پێناوەدا داواکارین لەهەموو لایەنە سیاسیو ڕێکخراوەکانو تێکڕای چینو توێژەکانی کوردستان کە کۆدەنگییەك دروست بکەین لەپێناو گەیاندنی ناڕەزایەتییەکان بەحکومەتی عێراقو نەتەوە یەکگرتووەکانو دەزگا جیهانییە مرۆڤدۆستەکان بۆ ڕاگرتنو بەکۆتاهێنانی شاڵاوی دڕندانەی تورکیاو ئێران کە پڕن لەمەرامی سیاسی شاراوەو تێکدانی ئارامی کوردستان.

**دەستەی گشتیی**
**سەنتەری ڕۆشنبیریو هونەری قەرەچووغ**
**٢٠١٠/٦/١٣**

جێگری سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠:

## تەنیا ئاوارەکانی کەرکوك چەکی قەرەبوویان پێدەدرێت

**دەنگی مەخموور**




نەرمین عوسمان جێگری سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ڕایدەگەیەنێت کە کێشە داراییەکانی بەردەم ماددەی ١٤٠ چارەسەر دەکرێتو لەکاتی ئێستادا تەنها ئاوارەکانی کەرکوك چەکی قەرەبوویان پێدەدرێت.

لەلێدوانێکیدا نەرمین عوسمان ئەوەی ڕاگەیاند کە "بەهۆی نەناردنی حساباتی مانگانەی بانکی هەولێر بۆ بەغدا، چەکی قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردەکان ڕاگیرابوو، بەڵام ئێستا چارەسەری کێشە کراوەو بڕیاردراوە تەنها ئاوارەکانی کەرکوك لەقۆناغی ئێستادا چەکی قەرەبوویان پێدەدرێتو ئەوانەی شوێنەکانی تریش بۆ دوای ئەوان خەرج دەکرێت". نەرمین ئاماژەی ئاماژەی بەوەشکرد کە پارەی تەرخانکراو بۆماددەی ١٤٠ تەنها بەشی ١٥ هەزار چەکی ئاوارەو هاوردە دەکاتو بەچەند قۆناغێك خەرج دەکرێت، بۆیە لەمساڵیشدا ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت.

جێگری سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ئەوەی خستەروو کە پارەی ماددەی ١٤٠ لە بانکی بەغدا دادەنرێتو دواتر بۆ ئەوەی کار ئاسانی بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە بکەین کە لەهەولێرەوە نزیکترن تا بەغدا بێنە هەولێرو چەکەکەیان وەربگرن، بەڵام بەهۆی ئەوەی بانکی هەولێر ماوەی چەند مانگێك بوو پشکنینی ژمێریاری نەناردبوو، بۆیە بەغداش پارەکەی ڕاگرتبوو، ئێستا کێشەکە یەکلایی بۆتەوەو بەغدا دەستی بەناردنی پارە کردووە، بەڵام لەم قۆناغەدا تەنها ئاوارەکانی کەرکوك دەگرێتەوەو ئەوانەی ناوچەکانی تر دەکەوێتە دواترەوە.

لەلایەن خۆیەوە ئیبراهیم شێخەڵڵا بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ سەبارەت بەسەردانەکەی قایمقامی مەخموور ئاماژەی بەوەدا کە بۆ ئەنجامدانی خولێکی ١٥ ڕۆژی سەفەری ئەمریکای کردووەو ئەو ئێستا کاروبارەکانی ئیدارەی مەخموور بەڕێوەدەبات. لەبارەی چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ تایبەت بەدەڤەری مەخموور، ئیبراهیم شێخەڵڵا تایبەت بە (دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند "هەرکاتێك چەکی قەرەبووی دەست بە دابەشکردنەوە بکات، ئێمە هەوڵدەدەین ئەو لیژنەیە کە پێشتر هەبوو تایبەت بە کاروبارەکانی چەکی قەرەبووی مادەی١٤٠ دووبارە دروست بکەینەوە، بەڵام تا ئەم کاتە هیچ هەواڵێکی ئەوتۆ لەبارەی دابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوە لەئارادنییەو ئەوەی هەیە کۆمەڵێ کێشەو تەگەرە دروستبووە لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠بەتایبەت دابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوە".

## گرفتەکانی نێوان برایەتی نەینەواو حەدبا بەردەوامە

**دەنگی مەخموور**

لەکاتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لیستی برایەتی نەینەواو حەدبا دەدات، بەڵام تا هەنووکە گرفتەکانیان وەکو پێویست یەکلایی نەبۆتەوە.

گوتەبێژو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لەسەر لیستی برایەتی نەینەوا ئەوەی ڕاگەیاند "لەئێستادا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئێمەو لیستی حەدبا دەدات" گوتیشی "بەڵام تائێستا گرفتەکانیان وەکو پێویست یەکلایی نەبۆتەوەو کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو لایش بەردەوامییان هەیە".

درمان خەتاری گوتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا ئەوەشی ڕوونکردەوە کە "بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێمە بەشێوەیەکی کاتی بۆمان نییە لەئەنجامی کۆبوونەوەکانو گرفتەکانی نێوانمان، ڕاگەیاندنەکان ئاگادار بکەینەوە".

لەلایەن خۆیەوە خەتاری ئەوەیشی خستەروو کە لەدوای ئەو بڕیارەوە گرفتی هەریەکە لە ناوچەکانی (شەنگاڵ، مەخموور، شێخان، بەرتلە، باشیك، زوممار) بەکۆتا دێتو، بەشێوەیەکی فەرمی بەشە بوودجەیان لەپارێزگای موسڵەوە پێ دەدرێت.

خەتاری ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەوان وەکو لیستی برایەتی لەنێو خۆیاندا کەسێکیان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ دەست نیشانکردووە، هەروەها کەسێکی دیکەشیان بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری پارێزگار دیاری کردووە.

شایەنی باسە لەکاتی ئێستادا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو لیستی برایەتی نەینەواو حەدبا دەکات.

## هەڵبژاردنی سەنتەری قەرەچووغ بەهۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە دوادەخرێت

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**



سەنتەری ڕۆشنبیریو هونەری قەرەچووغ یەکێکە لە سەنتەرە چالاکەکانی مەخموور، کە ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵە لەبواری ڕۆشنبیریو هونەری خزمەت بەدەڤەری مەخموورو دەوروبەری دەکات، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی سەنتەری قەرەچووغ لە ٢٠١٠/٥/٣١ دوادەخرێت.

جەمیل سنجاوی جێگری بەرپرسی سەنتەر تایبەت بەدەنگی مەخموور ڕایگەیاند "ئێمە وەك سەنتەر لە ٢٠٠٦/١٢/٥ ویستمان دووەمین کۆنفرانسی سەنتەر ئەنجام بدەین، بەڵام بەداخەوە ئەوکات دادوەر ئامادە نەبوو ئەوەبوو پرۆسەکە بە ئەنجام نەگەیشت، بۆیە دەستەی گشتی لەدووەمین کۆنفرانس بڕیاریدا دەستەی کارگێڕی پێشوو وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستاش دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ (لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری وهونەر) پێیان ڕاگەیاندین کەوا دەبێ دەستەیەکی نوێی کارگێڕی هەڵبژێردرێتەوە، ئێمەش لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت". سنجاوی ئەوەشی خستەروو "دوای ئەوەی نووسراومان بۆ پارێزگای هەولێر کرد، بەڵام بەرپرسی سەنتەر واژۆی نەکرد، ئێمەش ناچار بووین وەك دەستەی کارگێڕی جگە لە بەرپرسی سەنتەر (٦) کەس ڕەزامەندیماندا و واژۆمانکرد کە لەڕۆژی ٢٠١٠/٥/٣١ پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بەڕێوەبچێت، کەچی بەداخەوە هەمان ئاستەنگی ساڵی ٢٠٠٦ یان بۆ دروست کردینەوە، ئەگەر چی لەڕووی یاساییەوە هیچ کەموکوریەکمان نییە".

بڕوانە لاپەرە (٤)



**سالار سیامەند:**
**ئێمە کاری ڕێکخراوەییمان نەکردۆتە کەناڵێك بۆ بەحیزبیکردنی خەڵك**

٣ ←

**مەخموور لە گەشتەکەی ( دبلیۆ ئارهەی ) حاکمی سیاسی هەولێردا**

٥ ←




**شاجوانی مۆندیال ئەرجەنتینیە**

٧ ←

